کەرکووک نە دڵە و نە قودسە , بەڵکە زبڵدانی کوردستانە

عەلی مەحموود محەمەد 2005-2-15

باوەڕ ناکەم هیچ دروشمێك بە ئەندازەی ((کەرکووك زبڵدانی کوردستانە)) گوزارشت لەم چرکە ساتەی ئێستای شاری کەرکووك بکات , دیارە منیش ئەم دروشمەم لە خۆمەوە خۆرسکانە بەرز نەکردۆتەوە , هاوکات داهێنەریشی نیم , قارەمانانی ڕەسەنی ئەو دروشمە خودی ئەو هەزاران زبڵدانەیە سەرتاپای شاریان داگیرکردووە , بوونە بە ناسنامەو سەرو سیمای ئێستای شارەکە , لەم زبڵدانەی کوردستان کە ناوی کەرکووکی لێنراوە , بستە خاکێك شك نابەین بە پاکی مابێتەوە و دەربڕی ئەوە بێت قەڵەمڕەوی شارستانییەت و مۆدێرنیتە گەیشتبێت پێی .

پارساڵ کە گەڕامەوە کەرکوك , شار لە شێوەی گوندێکی گەورە دەردەکەوت , پاش 2 دەیە کە بینیمەوە هەستمکرد چەند سەدەیەك شار گەڕاوەتەوە بۆ دواوە , بەڵام ئەمجارەیان لەهەموو کونێکەوە بۆنی سەردەمی تاعون و دەردەکانی سەدەکانی ڕابردووی لێ دەهات , ئەم ساڵ شارەکەی زێڕی ڕەش لە شێوەی زبڵدانێك گەورە خۆی دەنواند , بۆن و بەرامەی بۆگەنی لێ هەڵدەستا , پەیامی ئەنفلۆنزای هەژدیهاو مردنی بە کۆمەڵی لێ دێت .

ئەنفال نەیتوانی کورد لە کەرکووك پاك بکاتەوە , کەچی ئەنفلۆنزای سیاسییە گەندەڵەکانی کەرکووك ئەمڕۆ شار کوێر دەکاتەوە , ئەوەی بارق و عەلی حەسەن مەجید نەیانتوانی ئەنجامی بدەن , مافیا سیاسییەکانی کورد بە سانایی لەسەر سینی زێرین پێشکەشی دوژمنانی دەکەن . جیاوازی لە نێوان پارساڵ و ئەمساڵ , نێوان دوو سەفەرەکەم بۆ ئەم شارە ئەوەندەیە , پاش دوو خولی دەنگدانی بە کۆمەڵی خەڵکی شار , نەك هیچیان بۆ نەکراوە , بەڵکە تاڵان و بڕۆی سیاسییەکان لەم شارە بەردەوامە , ئەمڕۆ کارگێڕییەکی فاشیل پڕ بە مانای وشەکە شار بەڕێوە دەبات , شار بێ خاوەندی پێوە دیارە , بە دەست نەبوونی کەسایەتی بەهێز و دڵسۆزەوە بۆ بەڕێوەبردن دەتلێتەوە , زۆرجار لە مێژوودا لەم شارە کەسە بەهێزەکان هێزیان بە کەسایەتی کورد بەخشیووە , پلەو پایەیانی لە شار بردۆتە سەر , سەید ئەحمەدی خانەقا , شێخ مارفی بەرزنجی , شێخ حوسێن ...... نموونەیەکن بۆ ئەوکەسە بەهێزانە لە شاری کەرکووك , لێ ئێستا کورد لە کەرکووك بە دەست نەبوونی کەسایەتی سیاسی کۆمەڵایەتی خاوەند هژمۆنیا دەتلێەوە , ئاکامەکەی بەم ڕۆژەی ئێستا گەیشت , لە شوێن شێران دزان ڕمبازێن دەکەن .

با پێکەوە لە زمانی وێنەکانەوە چاوێك بە سستەمی خزمەتگوزاری شاردا بخشێنین , تاکو ئاستی کارایی کارگێڕی شارمان بۆ دەربکەوێت , نەك لە چاوی وشە و ستایشنامەکانەوە .

ڕەحیماوە ناهەقیان نییە ئەگەر دەسەڵاتدارانیش بسوتێنن ؟

جەماوەری گەڕەکە شاری ڕەحیماوەی هەژارنشین ، هەردەم لە بزاڤی سیاسی کوردستاندا لە ڕیزی پێشەوە بوونە , کەم ماڵ هەیە لەم گەڕەکە قوربانییان نەدابێت , لێ لەدوای ڕوخانی بەعس خەڵکی ئەم گەڕەکە بوونە ئاڵاهەڵگری یەکەم خۆپیشاندانی توندو تیژ لە شارەکە دژ بە کارگێڕییەك خۆیان دەنگیان بۆیان دا , لە کەڕنەڤاڵی دەنگدانی بە کۆمەڵەوە , بۆ ناڕەزایەتی جەماوەری توندوتیژ و کۆتایی هێنان بە مانگی هەنگوینی لە نێوان خەڵك و دەسەڵاتداران .

کێشەکەش لە گەندەڵی بەرپرسان و نەبوونی خزمەتگوزارییەوە سەری هەڵدا , بە تایبەت نەبوونی ئاوەڕۆ لە بازاڕی سەرەکی گەڕەکە شارەکە .

دوای خۆپیشاندانەکەو شەهیدکردنی 2 کەس لە خۆپیشاندەران , بۆ لە خشتەبردنی خەڵکەکەی , دەسەڵاتدارە مافیاکانی شار کەوتنە چاڵ لێدان , گوایە وەڵام بە داخوازی جەماوەر دەدەنەوە و ئاوەڕۆی بازاڕەکە ڕێك دەخەن , وەلێ تاکو ئێستا ئەو چاڵە لایەك لە شەقامی سەرەکی شاری داگیر کردووە , تەنگژەی هاتوچۆی دروستکردووە , فەرموون ئێوەو ئەو ئاوەڕۆ نوێیەی بۆ ڕەحیماوە لە سەر بنچینەی نوێترین مۆدێل لێدراوە :-

ئەمانەی خوارەوەش چەند وێنەیەکە لە ئاستی خزمەتگوزاری لە بازاڕی گەورەی ڕەحیماوە , کە سەنتەری ناوچەیی شارە .

ئەوەی چاوی بە بارەگای شارەوانی ڕەحیماوە بکەوێت , تا دنیا دنیایە جارێکی دیکە بەلای سندوقی دەنگدانا ناچێت لە هەڵبژاردنی شارەوانی لە هیچ وڵاتێکی جیهان , ئەگەر بزانێت شارەوانی ئەمە کارنامەو هەیبەتییەتی , باشترین چارەسەر بۆ بارەگای شارەوانی ڕەحیماوە ئەوەیە ئەم خانووە بڕوخێنرێت و زەوییەکەشی وەك هەموو زەوییەکانی دیکەی شار بەرپرسێك دەستی بەسەردا بگرێت و ئەهرامێکی لەسەر قیت بکاتەوە , وەك ئەهرامەکانی پاڵ تەنکیی ئاوەکەی تەپە .

لە شاری تالان و بڕۆدا مانایەك بۆ مانەوەی ئەم پاروە چەورە نییە لەم سەر ڕێگایەش .

ئاخۆ دەبێت کەس هەبێت باوەڕ بەوە بکات , ئەمە شارەوانی گەڕەکێك بێت , کە تەنها چەند کم ێك لە یەکێك لە گەورەترین چاڵگە نەوتییەکان جیهانەوە دوور بێت ؟؟؟؟ .

مندالآنی ڕەحیماوە , چاوگەشەکانی هەژارانی شار , نەوەکانی دواڕۆژ , سەرباری دێوەزمەی تیرۆر , لێیان تێك چووە , نازانن ئەو شوێنەی جەژنی تێدا دەگوزەرێنن , سەیرانگایە یان زبڵدان .

ئەوە نییە تەنها سەیرانگای جەژنانی مندالآن و بەردەم و ناو شارەوانی و بازاڕی ناوەندی ڕەحیماوە زبڵدان و چڵکاو بێت , بگرە بۆرپیە نەوتەکانیش بەناو چڵکاودا دۆلار بۆ بەرپرسە مافیاکانی شار دەهێنن , ئەوەی تا ئێستا نەکەوتۆتە بەر باس نەوتی دزیش بەم بۆڕیانەدا بۆ تورکیا دەڕوات , بەڵام کێ دەوێرێت باس لەمە بکات !!. داواکارم لە بینینی ئەم وێنەیە کارتان بە عامودی کارەباکانەوە نەبێت و فرمێسکی بۆ هەڵنەڕێژن , چونکە ئەوە عاموود نییە تەنافی مالآنە !!!! .

لێرەدا سەیری دارعامودە باریکەکان مەکەن , ئەو دەیان ملیۆن دۆلارەی حکومەتەکانی کوردستان , کە سەرەك وەزیرانەکانییان بە ئارەقی ناوچەوان پەیدایان کردوەوە خستیانە دەم خەڵکی شەهید پەروەری ڕەحیماوەوە , تاکە یەك عاموودی بۆ ئەم گەڕەکە پێ نەهات ؟ , ئەوەش تەنها لە بەر ئەوە بوو ئاوارەکان یاداوەری تاڵیان لەگەڵ دەستەواژەی عاموددا هەیە , نەیان ویست ئازاری دەرونییان بدەن , پێکەوە سەیری باریکترین عامودی کارەبا لە جیهاندا بکەن , جێی خۆیەتی بچێتە لیستی گینسەوە .

پارتی جگە لە بارەگاکەی لە ڕەحیماوە کە بە بۆیەی زەرد نەخشاندوییەتی , کە بەشی زۆری خەڵکی ڕەحیماوەی تووشی نەخۆشی چاو کردووە , ئەوا قتعەی حکومەتەکەشی بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزاری هەر زەردە , کە ئەمەش لەگەڵ حکومەتی کۆمەڵگەی مەدەنیدا دێتەوە . سەیر بکەن بڕیار وایە حکوومەتی هەولێر ئەم ڕێگایە بۆ خەڵکی ڕەحیماوە قیرتاو بکات کە بە جادەی هەڵاتنەکە لە ناو خەڵك بەناو بانگە .

ناتوانم لێرەدا هەموو ئەو چڵکاو زبڵدانانەی لە ڕەحیماوە وێنەم گرتوون بخەمە بەر دەستان , چونکە هەموو گەڕەکەکە یەکپارچە بووە بە زبڵدانێکی گەورە , جێی خۆیەتی لە جێگەی ڕەحیماوە ئەم گەڕەکە ناو بنرێت زبڵداناوە یاخود چڵکاوە .

ئەمەش چەند نموونەیەکە لە زبڵدان و چڵکاوەکان شارە گەڕەکی ڕەحیماوە , هەرچیت دەوێت لێرە وەجنگی دەخەیت :–

ئامادەیی ئیمام قاسم و نۆژەنکردنەوەی :ـ

پار ساڵ کە لەسەر قوتابخانەی ئیمام قاسمم نووسی دیارە کاریگەری خۆی داناوە , پارەی چەند بەرمیلە نەوتێکیان بۆی خەرجکرد و بۆیەیان کردەوە , بەڵام ئێستا زبڵدانەکان بەردەمی گەورەتر بوونەتەوە , دەڵێن قوتابخانەی ماڵی دووەمی قوتابیانە , بەڵام ئەمە بەرپرسانی کورد ناگرێتەوە , ئەگەر وایە چۆن دەبێت ئەمە بەردەم ماڵی دووەمی بەشی زۆری بەرپرسانی شار بێت .

ئەگەر بەرامبەر هەموو مرۆڤێك ئەوە ڕاست بێت , ئەوا بۆ بەشێكی زۆری بەرپرسانی كورد ماڵی دووەمییان ماڵی سۆزانییەكان و شوێنی پێك لێدانی شەوانییانە , ئەگەر وا نییە خۆ ئەم وێنەیە لە مۆزەمبیقەوە نەهاتووە ؟.

خاسه جۆگەلەی ئاو یان زبڵدانه گەورەکەی شار ؟

له مێژوودا کەرکووك به خاسەوه ناسراوه , خاسه سەرچاوەی ئاوی شار بووه , ئەگەر خاسه نەبوایا ئەگەری زۆر بوو کەرکوکیش هەر نەبوایا , بەڵام ئێستا خاسه له جیاتی ئاو چڵکاو و زبڵدانی پێدا دەڕوات . جاران سەرچاوەی ئاوو و پاکی و خۆشی بوو بۆ خەڵکی شار , کەچی ئێستا بووه به سەرچاوەی زبڵدان و پیسی و نەخۆشی , کێ دەتوانێت هەست به شوونی شوێنەواری ئاوی خاسه بکات لەم وێنانەدا ؟ , با پێکەوه سەیرێك ئەم زبڵدانه گەورەیەی شار بکەین :-





هەر کەسێك کە ئەم وێنەیەی خوارەوە ببینێت , کەرکووك بە شارێکی گەشت و گوزاری دێتەپێش چاوی
-:

نازانێت کاتێك لە ئێستادا وێنەی هەمان شوێن دەگریت , لە جوانترین باردا لەمە زیاترت چنگ ناکەوێت :

کەرکووکییەکان لە ئەنفلۆنزای باڵندە ناترسن ؟.

شارێك خەڵکەکەی لەناو زبڵدان و چڵکاودا ژیان بەسەر بەرێت , هاوینان قومە ئاوێکی دەست نەکەوێت بینۆشێت زستانیش ئاوی باران بیان بات , ئەوا باشترین دیاری بۆیان مەرگە , ژیان جوانی تێدا نامێنێت , بۆیە خەڵکی شاری کەرکووك منەتیان لە ئەنفلۆنزای باڵندە نییە , لە جەرگەی هەڵای نەخۆشییەکە بازاڕی پەلەوەر وەك جاران لەم شارە جمەی دەهات , ئەمە لە کاتێکدا لەو ڕۆژانە بازاڕی پەلەوەرەکانی سلێمانی و هەولێر مێرولەشی تێدا نابینرا .

KONICA

هەموو کوچەو کۆڵانێکی شار هەر زبڵدانە

ناتوانیت لە شاردا بستە خاکێك بدۆزیتەوە چۆڵ بێت , یان لە لایەن بەرپرسێکەوە داگیرکراوەو بە تاڵان ڕۆیشتووە , یاخود بووە بە زبڵدان , زبڵدانەکان ئەگەر نەکەوتنایەتە سەر ڕێگاو بانەکان , ئەوا بەرپرسانی شار پاکیان دەکردەوەو دەیانکرد بە ئەهرام و قەسری زەبلاحیان لەسەری دەبرد بە قولایی ئاسمانا .

کۆنە باخچەی قەڵا (جاران شوێنی خوێندنی قوتابیان و حەسانەوەی کرێکاران بوو , ئێستاش زبڵدانە)






وەرزش لە کەرکووك پێش دەکەوێت

وەرزشیش لە شار وەك هەموو کەرتەکانی دی هەنگاوی مەزنی ناوەو پێش کەوتووە , لەو کاتەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە گرنگی بە گۆڕەپانەکان دەدرێت , ئەمەش بە دوای ئەوەدا هات ئەزموونی سەرکەوتوی وەرزشی کوردستان لە دوولاوە هاتە کەرکووکەوە , بە پێوەری جیهانی بە ڕەچاوکردنی ژینگە و تەندرووستی یانەو گۆڕەپانەکانییان نۆژەنکردەوە .

کەرتی پزیشکیش فڕی

کەرکوکییەکان بۆیە لە ئەنفلۆنزای باڵندە ناترسن , چونکە کەرتی پزیشکی بەهێزو کارایان هەیە , نەك ڤایرۆسی پاساری بگرە ڤایرۆسی ئەژدیهاش خۆی لەبەردەمیان ناگرێت .

بەردەم ناسراوترین پزیشکی شار

شەقامی پزیشکەکانی شار

جەماوەری کەرکوك با لە داهاتوودا چاوەڕوانی نەخۆشی شێتی مانگاش بن ! , لە کەرکووك نەك تەنها مرۆڤ ئازادە , ئەوپەڕی دیموکراسی بۆ مانگاش هەیە .

ئازاد هەورامی گۆڕهەڵتەکێنە بزانە چۆن خزمەت قوتابخانەکەت دەکەن ؟

لافاوەکەی کەرکووک

لەهەموو جیهان ئاو بە ژێر پرددا دەڕوات , بەڵام لە کەرکووك بەهۆی ئەوەوەی ناو خاسەو دەرەوەی پەیوەندیان پێکەوە نەماوە , شارەوانی بۆ ئەوەی شار جوان بێت و ئاوەڕۆی ماڵان لە شار دوور خاتەوە پەیوەندی نێوان خاسەو ناو شاری بڕیبوو , بۆیە ڕۆژی لافاوەکە ئاوی سەر پردەکە زۆرترو بە گوڕتر بوو لە ئاوی ژێر پردەکە :



ئەم پردەش ڕزگاری بوو لە بۆیەی سەوز و زەرد

ڕێزی شوێنەوارەکانیش دەگرین

لەبەر ئەوەی کورد ئەزموونی دەسەڵاتداریەتی هەیەو سەر لە گرنگی شوێنەوار دەردەکات لە دیاریکردنی ناسنامەی شار , بۆیە بەم شێوەیە گرنگی بە مزگەوتی خانم سجادە دەدات لە گەڕەکی بلاّخ , کە یەکێکە لە شوێنەوارە مێژوویینەکانی کورد لە کەرکووک .

مام جەلال گەڕایەوە کەرکووک !

وەك لە یەکێك لە مانشێتەکانی ڕۆژنامەی ئاسۆدا هاتبوو , بەڕێز مام جەلال بڕیار بوو بۆ ماوەی مانگێك لە کەرکووک بمێنێتەوە , بۆ ئەوەی بڕیاری 58 جێبەجێبکرێت , ئەمە دەبوایا لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتی جێبەجێی بکردایا , بەڵام نە ئەو سەردانی کەرکووکی کرد , نە ئاسۆش نقەی کرد و داوای لێبوردنی کرد , کەچی لە جیاتی بڕیاری 58 بڕیاری نۆژەنکردنەوەی تەکییەی تاڵەبانییەکان درا بە جوانترین مۆدێل .

ئەمە مزگەوتی ئەمەوییەکان نییە لە شام , بەڵکە تەکییەی تاڵەبانییەکانە لە شاری زبڵداناوە .

خەڵکی کەرکووك ئاواتە خوزان لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی بەڕێز تاڵەبانی تەنها زبڵدانەکانییان بۆ پاك بکاتەوە , نە تیای بمێنێتەوەو نە بارەگاشیان بۆ سەوز بکات , بڕیاری **58** یش , ئینەڵا وە ئینە ئیلەیهی ڕاجعون .

شاری کەرکووك کە بۆتە سومبولی داخوازەکانی کورد , ئەمرۆ بەرپرسانێکی مافیا بە هۆی تالآن و دزییەوە توانیوییانە   بیکەن بە زبلّدان , ئایا لە مێژوودا جگە لە زبلّدانەکەی شوێنێك بۆ ئەوان هەیە ؟ , بێشك نا , ئەوەی چی بدورێت هەر ئەوەش دەدورێتەوە , بۆیە هەر لە ئێستاوە هەموو ئەوانە بۆ زبلّدانە بۆگەنەکەی مێژووی کورد .